گـــــۆڤــــاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(3).Paper30
ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/٠٨/٢٥
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/١٠/٣٠
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٦/٢٩

# قەیرانی گۆڕانی کەشوهەوا لە عێراق (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای سیاسی)

**پێشەوا انور نصرالله**
peshawa.nasralla@uoh.edu.iq
بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی هەڵەبجە، هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

گۆڕانی کەشوهەوا ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر دەبێتە بابەتێکی جدی قسە لەسەرکراو. هاوتای ئەم بابەتە، بەڵگەی ئاشکرا، بینراو و سەلمێنەر لەسەر کاریگەرییە هەمەلایەنەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە سەرانسەری گۆی زەوییەوە دەردەکەون. هەروەک چۆن وڵاتانی جیهان بە یەک بڕ و ئاست بەشدارنەبون لە پیسکردنی ژینگە، سەرهەڵدانی دیاردەی قەتیسبونی گەرمی و بە دوای ئەودا گۆڕانی کەشوهەوا. بەهەمان شێوەش، کاریگەرییە فرەڕەهەندەکانی ئەم دیاردەیە لەسەر ناوچە جیاوازەکانی گۆی زەوی بەشێوەیەکی بەرچاو جیاوازە؛ بەڕادەیەک کە، زۆرێک ناوچە زەرەرمەندی سەرەکی و هەندێک ناوچەی دیکە سودمەندی سەرەکی دەبن. لەو ناوچانەی کە، بەڕادەیەکی زۆر زەرەرمەنددەبن، جیا لە بوارەکانی دیکە، لەڕوی جوگرافیای سیاسییەوە دەکەونە ژێر کاریگەری گۆڕانی کەشوهەواوە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی، عێراق بە تایبەتی، یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بەڕادەیەکی زۆر کەوتوەتە ژێر کاریگەری دیاردەی گۆڕانی کەشوهەواوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە، بە سودوەرگرتن لە داتا بەردەستەکان و بەشێوەیەکی وەسفی-شیکاری، لە ڕوانگەی جوگرافیای سیاسییەوە کاریگەرییەکانی قەیرانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر دۆخی عێراق، بخاتەڕو. دۆزینەوەکانی ئەم توێژینەوەیە نیشانی دەدات کە، گۆڕانی کەشوهەوا لە ئێستا و داهاتودا، سەرچاوەی سەرهەڵدانی کێشە و تەنگەژەی هەمەچەشن کە، لەناویاندا ژینگەیی، ئابوری، سیاسی و ئەمنی هەم لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتان و هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییە.

**وشە کلیلیەکان:** گۆڕانی کەشوهەوا، جوگرافیای سیاسی گۆڕانی کەشوهەوا، قەیرانی ئاو، کۆچی ژینگەیی، نائارامی و تیرۆر

## پێشەکی

لێکەوتە و کاریگەرییەکانی دیاردەی گۆڕانی کەشوهەوا فرەڕەهەند و هەمەچەشنن. هەر ئەمەش وایکردوە کە ئەم بابەتە ببێتە جێی بایەخ و سەرنجی چەندین بەشی زانستی و ناوەندی توێژینەوەی جیهانی. هەرچەندە، بابەتی گۆڕانی کەشوهەوا لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوەوە بوەتە پرسی مشتومڕ، گفتوگۆ، کۆڕ و کۆنفرانسە زانستییەکان، بەڵام بە دەرکەوتنی نیشانە و ئاماژەکانی دیاردەکەیە کە وەکو مەترسی و هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایشی جیهان تەماشا دەکرێت. تەواوی گۆی زەوی دەکەوێتە ژێر کاریگەری دیاردەی گۆڕانی کەشوهەوا، بەڵام، بە ڕێژەی جیاواز. هەندێک وڵات نسبەتی کەوتنە ژێر کاریگەرییان زیاترە بەراورد بە وڵاتانی دیکە. لەسەر ئەم بنەمایە، گرنگ و پێویستە هەر وڵات و هەرێمێکی ئاووهەوایی، لەم ڕوەوە توێژینەوەی تایبەتی لەسەر ئەنجام بدرێت.

عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بەپێی داتا باوەڕپێکراوەکان، ڕیزبەندی پێنجەمی جیهانی هەیە بۆ کەوتنە ژێر کاریگەری دیاردەی گۆڕانی کەشوهەوا. ئەم پلەیە بە واتای گەورەیی و زۆری ئەو زیان و کارەساتانەیە کە وڵاتەکە دوچاری دەبێتەوە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە لە ئێستا و ئایندەدا. ئەم ئەندازەیە لە مەترسی و هەڕەشە لەسەر دۆخی عێراق، خوازیاری توێژینەوەی زیاتر و هەمەچەشنترە تاوەکو، بە وردی دەستنیشانی خاڵە لاوازەکان بکرێت. هەر ئەمەش بوە یەکێک لەو هۆکارانەی کە، توێژینەوەی بەردەستی پێویست کرد. لەبەرئەوەی، ئەو توێژینەوانەی کە تائێستا ئەنجامدراون، بە گشتی، یان باسیان لە گۆڕانی ڕەگەزێکی کەشوهەوایی کردوە، بە نمونە بەرزبونەوەی پلەی گەرمی یان کەمبونەوەی دابارین و سەرچاوەکانی ئاو بە کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوا. بەپێی ئەنجامی ئەم توێژینەوانە، پلەکانی گەرما لە عێراق، بەراورد بە ناوەندەکانی پلەی گەرمای جیهانی، زیاتر بەرزدەبنەوە. هەروەها، بڕی دابارینیش بە ئاراستەی کەمبونەوە دەڕوات، یان بە شێوەیەکی گشتی باس لە کاریگەرییەکانی دیاردەکە لەسەر دۆخی عێراق کراوە. یاخود، نیشانە و ئاماژەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر ژینگەی عێراق وەکو؛ بەرزبونەوەی پلەکانی گەرما، کەمبونەوەی دابارین، کورتهێنانی داهاتی ئاویی، وشکەساڵی، خۆڵبارین، کۆچی دانیشتوانی لادێکان و نەبونی ئاسایشی ئاو و خۆراک و... کراوە.

ئەوەی کە لەم نێوانەدا وەکو کەلێنێک ماوەتەوە ئەمەیە کە، پرسی گۆڕانی کەشوهەوا کەمتر لە تێڕوانینی جوگرافیای سیاسییەوە شەنوکەو کراوە. لەسەر ئەم بنەمایە، توێژینەوەی بەردەست مەبەستیەتی بەشێک

لەم بۆشاییە پڕبکاتەوە و وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە کە، ئایا قەیرانی گۆڕانی کەشوهەوا، بەدەر لە کاریگەرییە ژینگەییەکانی، لەڕوی جوگرافیای سیاسی و پەیوەندی نێودەوڵەتییەوە کاریگەری هەیە؟ ئایا کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر دۆخی عێراق، پێشبینی دەرئەنجامی جوگرافیای سیاسی لێدەکرێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، گریمانەکانی توێژینەوەکە بریتین لە؛ قەیرانی گۆڕانی کەشوهەوا لە ڕوی جوگرافیای سیاسییەوە کاریگەری دەکاتە سەر وڵاتان، هەندێک وڵات لاوازتر و هەندێک وڵاتیش ئەگەری بەهێزبونیان هەیە. هەروەها، پێشبینی دەکرێت عێراق لە ڕوی جوگرافیای سیاسییەوە بکەوێتە ژێر کاریگەری قەیرانی گۆڕانی کەشوهەوا و ڕوبەڕوی تەنگەژەی ناوخۆیی، ناوچەیی و نێودوڵەتی ببێتەوە.

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە، بەگشتی سود لە میتۆدی وەسفی-شیکاری وەرگیراوە. داتا و زانیاری پێویست لەڕێی کتێبخانە، گۆڤارە زانستییەکان و سەرچاوە ئینتەرنێتیە باوەڕپێکراوەکانەوە کۆکراونەتەوە. هەوڵدراوە سود لە داتای سەرچاوە تایبەتمەندەکانی بوارەکە وەکو (پانێڵی نێودەوڵەتی گۆڕانی کەش هەوا، ڕێکخراوی کەشوهەوای جیهانی و ڕێکخراوی کۆچی جیهانی) وەربگیرێت. پلانی لێکۆڵینەوەکە پێکهاتوە لە: پێشەکی، کورتەیەک دەربارەی گۆڕانی کەشوهەوا، جیۆپۆلیتیکی گۆڕانی کەشوهەوا ڕونکراوەتەوە، پاشان دۆزینەوەکانی توێژینەوە کە، خۆی دەبینێتەوە لە: قەیرانی ئاو-ئاسایشی ئاو، کۆچی ژینگەیی، نائارامی و تیرۆر، لە کۆتاییدا ئەنجام خراوەتەڕو.

## چەمکی گۆڕانی کەشوهەوا

چەمکی گۆڕانی کەشوهەوا دەستەواژەیەکە کە، لە ئێستادا و لەسەر ئاستی جیهان، بەکارهێنانێکی زۆر و ڕو لە زیادی هەیە. بە سەرنجدانێکی کورت و خێرا لە هەواڵی جیهانی، دەبینین کە بە شوێن زۆرێک لە ڕوداو و کارەساتە سروشتییەکان و هەندێ کات مرۆییەکانیش، ئاماژە بە کاریگەری دیاردەی گۆڕانی کەشوهەوا دەکرێت لەسەر ڕودانی ئەو ڕوداو و کارەساتانە.

لەسەر ئەم بنەمایە، خستنەڕو، تاوتوێکردن و توێژینەوە دەربارەی دیاردەی قەیرانی گۆڕانی کەشوهەوا لە کاتی ئێستادا لە زۆرێک لە ناوەندە ئەکادیمی، ئابوری، فەرهەنگی و سیاسییەکانی وڵاتانی جیهان بەگشتی، وڵاتانی پێشکەوتو بەتایبەتی، لە ئارادایە. لەڕوی مێژوییەوە، دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردو بە سەرەتای دەستپێکی بەستنی کۆڕ و کۆنفرانس و دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنە لە دیاردەی گۆڕانی کەشوهەوا دادەنرێت. لە ساڵی ١٩٨٨ لە وڵاتی کەنەدا و لە شاری تۆرنتۆ، یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی تایبەت بە گۆڕانی کەشوهەوا ئەنجامدرا. لە هەمان ساڵدا و بە پێشنیاری وڵاتانی زلهێزی ئابوری، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوی کەشوهەوای جیهانی ڕاسپێردران بۆ

دامەزراندنی ڕێكخراوێكی تایبەتمەند بە پرسی گۆڕانی كەشوهەوا. بۆ ئەم مەبەستە، ڕێكخراوی (IPCC) پانێڵی نێودەوڵەتی گۆڕانی كەشوهەوا دامەزرێنرا (غلامی؛ ١٣٩٨، ٦).


ڕێكخراوی پانێڵی نێودەوڵەتی گۆڕانی كەشوهەوا، تایبەتمەندە بە لێكۆڵینەوە لە دیاردەی گۆڕانی كەشوهەوا لەسەر ئاستی جیهان لە سێ ئاستی جیاوازدا. یەكەم: هۆكارەكانی سەرهەڵدانی گۆڕانی كەشوهەوا، دوەم: كاریگەریی و نیشانەكانی دیاردەكە لەسەر ژینگە جیاوازەكان و سێهەم: چۆنیەتی ڕوبەڕوبونەوەی دیاردەی گۆڕانی كەشوهەوا لە هەرێمە ئاوهەواییە جیاوازەكاندا. بێجگە لەوەی كە باسكرا، ئەم ڕێكخراوە هەڵدەستێت بە كۆكردنەوەی داتا و زانیاری تایبەت بە گۆڕانی كەشوهەوا و شیكردنەوەی زانستییانەی ئەو داتا و زانیارییانە (https://www.ipcc.ch/about/).

گۆڕانی كەشوهەوا ئاماژەیە بەو گۆڕانەی كە لە ناوەندەكانی پلەی گەرمی، دابارین و ڕێژەی شێی هەر ناوچە و هەرێمێكی ئاووهەوایدا ڕوبدات. هەر هەرێمێكی ئاووهەوایی، خاوەنی كۆمەڵێك تایبەتمەندی تایبەت بە خۆیەتی كە، لە ماوەیەكی زەمەنی دیاریكراودا پێكهاتوە و جێگیربوە. هەر جۆرە گۆڕانێكی ڕێژەیی بە واتای ڕودانی گۆڕانی كەشوهەوایە لەو ناوچەیەدا. گرنگترین و سەرەكیترین هۆكاری سەرهەڵدانی دیاردەی گۆڕانی كەشوهەوا لە ئێستاد، بریتییە لە زیادبون و چڕبونەوەی لە ڕادەبەدەری گازی دوان ئۆكسیدی كاربۆن و گازە پیسكەرەكانی دیكە لە بەرگە هەوای زەویدا كە بە (Greenhouse gases) ناسراون. بە زیادبونی ئەم گازانە، دیاردەی قەتیسبونی گەرمی یان (Global worming) ڕودەدات. ئەم گازە پیسكەرانە كاتێك لە بەرگە هەوای گۆی زەویدا لە ڕادەی ئاسایی خۆیان زیاتر و چڕبونەوەیان زۆر دەبێت، ڕۆڵی خانوی پلاستیكی دەبینن، بەو واتایەی كە، ڕێگریدەكەن لە گەڕانەوەی گەرمی بۆ دەرەوەی بەرگە هەوای گۆی زەوی و ئەمەش دەبێتە هۆی قەتیسبونی گەرمی لەناو بەرگە هەوای گۆی زەویدا (kaddo; 2016). هۆكاری سەرەكی زیادبونی ڕێژەی گازە پیسكەرەكانی ناو بەرگە هەوای گۆی زەوی دەگەڕێتەوە بۆ چالاكییە مرۆییەكان و بەكارهێنانی فراوانی سوتەمەنییە فۆسیلییەكان (خەڵوزی بەردین، نەوت و گازی سروشتی) لە دوای شۆڕشی پیشەسازییەوە.

بەپێی داتاكانی ڕێكخراوی كەشوهەوای جیهانی، ناوەندی پلەی گەرمای جیهانی ئێستا بەراورد بە پێش شۆڕشی پیشەسازی (سەدەی هەژدەی زاینی)، گۆڕانی بەسەردا هاتوە و بەردەوامە لە بەرزبونەوە. بە تێكڕا، زیاتر لە یەك پلەی سیلیزی لە ناوەندی پلەی گەرمای جیهانی بەرزبوەتەوە. هەرچەند، لەوانەیە ئەم ژمارەیە بە كەم دابنرێت، بەڵام ئەوە ئاماژەیە بۆ كەڵەكەبونی گەرمایەكی زۆر لە بەرگە هەوای گۆی زەوی، دەریا و زەریاكاندا. هەروەها، گەرمترین ئەو ساڵانەی كە تۆماركراون بە درێژایی مێژو، لە دوای ساڵی ٢٠١٠وە

بون. به جۆرێک، تەنها لە ماوەی ئەم دەیەیەدا سێجار ڕیکۆردی گەرمترین پلەی گەرمای تۆمارکراوی مێژو تۆمارکراوە کە، دواهەمینیان، مانگی حەوتی ٢٠٢٣ بە تۆمارکردنی ١٧،٢٣ پلەی سیلیزی، بە گەرمترین مانگی تۆمارکراو لە مێژوی نوێدا دانرا (economist; 2023). گرافی ژمارە یەک نیشاندەری ناوەندی پلەی گەرمای جیهانیە لە نێوان (١٨٨٠–٢٠٢٢). لە دوای ساڵی (١٩٨٠) بەردەوام ناوەندەکانی پلەی گەرما سەروتر لە ئاستی ئاسایی خۆیان بون.

گرافی ژمارە (١) ناوەندی پلەی گەرمی جیهانی




سەرچاوە: https://www.climate.gov/news-features/understanding-climate/climate-change-global-temperature

لە ئەگەری کۆنترۆڵنەکردنی بەرچاوی دەرچونی گازە پیسکەرەکان بۆ ناو بەرگە هەوای گۆی زەوی، زۆربەی مۆدێلەکان و سیناریۆکانی پێشبینی گۆڕانی کەشوهەوا ئەوە نیشان دەدەن کە، تا ساڵی ٢١٠٠، ناوەندی پلەی گەرمای گۆی زەوی چەندین دەرجەی سانتیگراد بەرزدەبێتەوە. بەپێی توێژینەوەیەک کە، لە ساڵی ٢٠١٩ لە گۆڤاری (science) بڵاو کراوەتەوە، دەریا و زەریاکان بە شێوەیەکی ناوەندی ٤٠٪ خێراتر لەوەی کە، ڕێکخراوی (IPCC) لە ساڵی ٢٠١٤ پێشبینی کردبو، لە گەرمبوندان (غلامی؛ ١٣٩٨، ٨).

بەرزبونەوەی ناوەندی پلەی گەرمای جیهانی، خاڵی سەرەتای دەستپێکردنی زنجیرەیەکی مەترسیداری پێکەوە بەستراو لە ڕوداو و کارەساتی سروشتی لە زۆربەی هەرێمە ئاوهەواییەکانی جیهاندا، بەشوێن خۆیدا دەهێنێت. بەرزبونەوەی پلەی گەرمی، توانەوەی سەهۆڵی جەمسەرەکان و زنجیرە چیاکان، بەرزبونەوەی ئاستی ئاوی دەریا و زەریاکان، زیادبونی دیاردەی بەبیابانبون، تێکچونی شێوە و بڕی دابارین (لە هەندێک ناوچە زیادبون و لە هەندێک ناوچە کەم بون) و زیادبونی دیاردەی خۆڵبارین بەشێکن لە گرنگترین کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی دیاردەی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر هەرێمە ئاووهەواییە جیاوازەکان (کاظمی و دیگران؛ ١٣٩٨). بە دڵنیاییەوە، بە شوێن ئەم کاریگەرییە ڕاستەوخۆیانەدا کۆمەڵێک کاریگەری ناڕاستەوخۆی دیکە لە سەرهەڵدانداان و ڕەهەندەکانی ئابوری، ئەمنی، جیۆپۆلیتیکی و فەرهەنگی ناوچە و هەرێمە ئاوهەواییەکان دەخەنە ژێر کاریگەرییەوە.

## جوگرافیای سیاسی گۆڕانی کەشوهەوا

هەرجۆرە گۆڕانیک لە هەرێمی ئاوهەواییدا بە واتای گۆڕانە لە فەزا جوگرافیاییەکاندا کە بە درێژایی چەندین دەیە لە ڕێگەی ئەو هەرێمە ئاوهەواییەی کە لەو ناوچەیەدا زاڵبوە، تا ئەندازەیەک، خاوەنی جێگیرییەکی ڕێژەیی سروشتی بوە. لەسەر ئەم بنەمایە، هەڕەشەی گۆڕانی کەشوهەوا زیاترە لە تەنها نیگەرانییەکی ژینگەیی و دەبێتە هۆی هاتنە ئارای کۆمەڵێک مەترسی و نیگەرانی جیاواز، بە تایبەتی جوگرافیای سیاسی؛ لەبەرئەوەی کە کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندی نێوان وڵاتان و تەنگەژەی ئەمنی لە چەندین ئاستی جیاوازدا ڕوبەڕوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکاتەوە (غلامی؛ ١٣٩٨، ٨). بە واتایاکی دیکە، بنەما سروشتی و مرۆییەکانی پێکهێنەری وڵاتان، کە لە هەرێمە ئاوهەواییە جیاوازەکاندا هاتونەتە دی، دەکەونە ژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی گۆڕانی کەشوهەواوە.

کاریگەرییە فراوان و هەمەلایەنەکانی گۆڕانی کەشوهەوا، لە چوارچێوەی سنورە سیاسییەکاندا نامێننەوە و ناوچەیەکی فراوان داگیردەکەن. ئەم تایبەتمەندییە وایکردوە کە، قەیرانی گۆرانی کەشوهەوا و کاریگەرییەکانی بابەتی بە پێز و جێی بایەخی توێژینەوەکانی زانستەکانی جوگرافیای سیاسی، پەیوەندی نێودەوڵەتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و.. بێت. لەم ڕوەوە، ئەگەر جوگرافیای سیاسی بە زانستی هێز و دەسەڵات و کێبەڕکێی بەدەستهێنانی هێزی زیاتر، لەنێوان وڵاتاندا دابنرێت (زرقانی؛ ١٤٠١) ئەوا "گرفتی جوگرافیای سیاسی" بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی هۆکارە جوگرافیاییەکان لە دژی هێزی بەرانبەر. بە واتایەکی دیکە، بەکارهێنانی جوگرافیا دژی وڵاتی بەرانبەر (میرحیدر و دیگران؛ ١٣٩٣، ٢٦). لەسەر ئەم بنەمایە، بنەما جوگرافییەکان (سروشتی و مرۆیی) دەشێ ببنە مایەی هێز و دەشکرێ لە هەندێک بارودۆخدا،

ببنە سەرچاوەی گیروگرفت و لاوازی. بۆ نمونە، یەکێک لە کاریگەرییە بەرچاوەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە هەندێک ناوچەدا، بریتییە لە کەمبونەوەی دابارین و بەرزبونەوەی پلەکانی گەرما، ئەم هۆکارە یارمەتیدەر دەبێت لە دروستبونی قەیرانی ئاو لەو هەرێمەدا و ئەمەش وادەکات حکومەتی – یان حکومەتەکانی – ئەو ناوچەیە بکەوێتە ژێر فشارەوە بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئاو بۆ دانیشتوانەکەی، لە وەها دۆخێکدا، ئەگەر سەرچاوە ئاوییەکان نێودەوڵەتیبن، ئەگەری دروستبونی کێشە و ململانێ لەسەر دابینکردنی ئاوی سازگار زۆر بەرزە. ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا یەکێکە لەو ناوچانەی کە پێشبینی دەکرێت لە ئایندەیەکی (لە ئێستادا سەرەتاکانی دەرکەوتوە) نزیکدا ڕوبەڕوی گرفت و تەنگەژەی جوگرافیای سیاسی لەم چەشنە ببێتەوە (الحدیثی و البالانی؛ ٢٠٢١، Cammack et al; 2017).

کەواتە گۆڕانی کەشوهەوا، بابەتێک کە پەیوەندییەکی زۆری بە سیستمی جیهانییەوە هەیە و بە شێوەیەکی سروشتی دەبێتە هۆی بەهێزبون یان لاوازبون و هەتا لەناوچونی هەندێک وڵات. ئەم کاریگەرییە گەورەیە بوەتە هۆی ئەوەی کە قەیرانی گۆڕانی کەشوهەوا لە ڕیزبەندی پێشەوەی مەترسییەکانی سەدەدا، ئاماژەی پێ بکرێت. بە جڵەونەکردنی دەرچونی گازە پیسکەرەکان بۆ ناو بەرگە هەوای گۆی زەوی لە ئەنجامی سوتاندنی (خەڵوزی بەردین، نەوت و گاز)ەوە، قەتیسبونی گەرمی زیاتر ڕودەدات و لە ئەنجامدا پلەکانی گەرما زیاتر بەرزدەبنەوە. ئەمەش مەترسی ڕاستەوخۆ لەسەر ئاسایش و ئەمنیەتی نێودەوڵەتی دروست دەکات.

وڵاتانی دورگەیی و کەناری کە بەرزییەکی ئەوتۆیان نییە لە ئاستی دەریاوە، لەژێر مەترسییەکی گەورەدان بەهۆی ژێرئاوکەوتنی بەشێک یان هەمو ڕوبەرەکەیان. بێگومان، یەکەیەکی سیاسی کە بەشێک یان هەمو ڕوبەرەکەی لەدەستدابێت، هەلومەرجێکی ناهەموار و پڕتەنگەژە بۆ دۆخی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دروست دەکات و قەڵەمڕەوی وڵاتانی دیکەش دەکەوێتە ژێر هەڕەشەی جۆراوجۆر (علیجانی و دیگران؛ ١٣٩٤).

لە لایەکی دیکەوە، گۆڕانی کەشوهەوا لەگەڵ سێ دیاردەی ئاسایشی سەرچاوەکان، بازرگانی و پێکداهەڵپژانی چەکداری و کاریگەرییە جیاوازەکانیان لەسەر ئاسایشی خۆراک لە پەیوەندیدایە. زیاد لەمە، لە ئێستادا یەک لەسەر چواری دەرچونی گازە پیسکەرەکان بە هۆکاری کەرتی کشتوکاڵییەوەیە. لە هەمان کاتدا، کشتوکاڵ لە بەرانبەر کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوادا لاوازە و لەژێر مەترسیدایە. نوێترین ڕاپۆرتی ڕێکخراوی (IPCC) نیشانی دەدات کە لە دۆخێکدا کە خەمڵاندنەکان لەسەر کاریگەرییە مامناوەند ماوەکانی (medium–term) گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر بەرهەمە کشتوکاڵییەکان جیاوازە، لە درێژماوەدا کێشە و گرفتی زۆر، بەتایبەتی لە سیناریۆی دەرچونی زۆری گازە پیسکەرەکان (greenhouse gases)، بۆ ئەم کەرتە

چاوەڕوانکراوە. زیاتر لە کاریگەرییە ڕاستەوخۆکان لەسەر ئاسایشی خۆراک، ئەکتەرە سەرەکییەکان –وەک ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان– لە گفتوگۆی بەردەوام و ڕو لە زۆردان بەمەبەستی زانینی چۆنیەتی یەککگرتنی گۆڕانی کەشوهەوا لەگەڵ هۆکارە سیاسی، کۆمەلایەتی و ئابورییەکان و کاریگەری دانانی هاوکاتی ئەمانە لەسەر جیۆپۆلیتیک و ئاسایشی مرۆیی (Zhou et al, 2020; 11).

کەواتە گۆڕانی کەشوهەوایی دەبێتە هۆی ناجێگیری و نائەمنی هەندێک ولات و لەم شێوەیەشدا، دەبێتە هەڕەشەیەکی جدی لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی. لەبەرئەوەی کە، کێشە و گیروگرفتی ناوخۆیی ڕەنگدانەوەی نێودەوڵەتی هەیە. لە ڕاستیدا، ولاتێکی شکستخواردو لە چەندین ڕووەوە دەتوانێ هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی دروستبکات. ئەم جۆرە ولاتانە لەوانەیە ببنە سەرچاوەی چالاکی تاوانکارانەی وەکو: مادەی هۆشبەر، قاچاخی مرۆڤ و بازاری بازرگانی ڕەش. گرفت و قەیرانی ناوخۆیی چارەسەر نەکراو دەتوانێ ببێتە دەروازەی دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکان یان توندبونەوەی ململانێی هێزە دەرەکییەکان لەسەر ناوچەیەک یان ولاتێک. لە ئەگەری نەبونی کێبەڕکێی هێزە دەرەکییەکانیشدا، حکومەتە لاواز و شکستخواردوەکان لەوانەیە پێویستیان بە دەستێوەردانی هێزی ئاشتی پارێزی نێودەوڵەتی یان ولاتانی دیکە بێت (غلامی، ١٣٩٨: ١٦).

کۆمەڵێک هۆکاری جیاواز کە، کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەوەی کە، هەر یەک لەم مەترسییانە (کێبەرکێ لەسەر سەرچاوە سروشتییەکان، ناجێگیری بژێویی و کۆچ، ڕوداوی ئاووهەوایی توند و نەبونی ئاسایشی خۆراک) ببنە هۆی لاوازتربون لە هەندێک ناوچەی تایبەتدا، دەستنیشان کراون. یەکەم، بەڕێوەبردنی گۆڕان لەوانەیە بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی کە پێشتر هەژاری تیایاندا بەرز بوە، دژوارتر بێت. گۆڕانی خێرا لەو ناوچانەی کە بە زۆری وابەستەی تەنها سەرچاوەیەکی ژیانن و ئەویش کشتوکاڵی دواکەوتوە، هەروەها سەرچاوەی کەمتریان لەبەردەستە بۆ بەرەنگاربونەوە، زیاتر وێرانکەرە. دوەم، ئەگەری ئەمەی کە، قەیران بە ئاراستەی توندوتیژی بڕوات، لەژێر کاریگەری جێگیری و مەشروعیەتی دامەزراوە سەرەکییەکان، چ ڕەسمی و چ کۆمەلایەتییەکاندایە و سێهەم، ناهاوسەنگی لە هێز، دەسەلات و مافدا دەتوانێ ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی و گرژی لەسەر بڕیار و دابینکردنی سەرچاوەکان. لە کۆتاییدا، پێشینەی جەنگ و توندوتیژی دەتوانێ مەترسی دوبارەبونەوەی زیاتر بکات (European Union Institute for Security Studies, 2015; 15).

هەندێک لە توێژینەوە نوێکان دەربارەی گۆڕانی کەشوهەواو و ئاسایش، پێداگرن لەسەر کاریگەری گەورە و زیانباری ئەم گۆڕانکارییانە لەسەر ولاتانی کەم دەرامەت. بەپێی ئەو توێژینەوانە، گۆڕانی کەشوهەوایی و ئەو کارەساتانەی کە، لەوەوە سەرچاوە دەگرن، دەبنە هۆی بێبەشبونی زیاتر، کێشمەکێش و ڕوبەڕوبونەوەی

توندوتیژانە، کۆچ و هەڵهاتنی ناڕازییان لە ناوچە کارەساتبار و مەحرومەکانی وڵاتانی دواکەوتو و تازە پێگەیشتو و دەتوانێت مەترسی (تیرۆریزم) زیاتر بکات. ئەم بابەتە هەڕەشەیەکە لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی و لە دوای ئەویش، وڵاتانی پێشکەوتو و پیشەسازیش دەرگیر دەکات (کاظمی و دیگران، ١٣٩٨؛ ٣٠). یەکێک لە نمونە دیارەکانی ئەم پرسە وڵاتی سوریایە. ئەم وڵاتە لە ماوەی نێوان ٢٠٠٦-٢٠١١ دوچاری وشکەساڵی و بێبارانییەکی توند بوەوە، بە تایبەتی لە ناوچەکانی باکوری ڕۆژهەڵات، زیاتر لە یەک ملیۆن نەفەر توشی نائەمنی خۆراکی بون و ناڕەزایەتییەکی زۆر سەبارەت بە خراپی ئیدارەی دۆخەکە لەلایەن دەوڵەتەوە هاتە ئاراوە. ئەم بابەتە بوە یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی، جەنگی ناوخۆیی و تیرۆریزم لە سوریا (غلامی، ١٣٩٨؛ ١٧).

جیا لە پرسی هەڕەشە و مەترسییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر ژینگەی سروشتی و مرۆیی، ئەم بابەتە دەتوانێت بە دیوی دەرفەتیشدا ببێتە مایەی هاتنە ئارای کێبەڕکێ و ململانێی وڵاتانی زلهێز لەسەر هەندێک ناوچە کە، بە کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوا بایەخی ئابوری، سەربازی و ستراتیژی پەیدادەکەن. پێشبینی دەکرێت لە چەند دەیەی داهاتودا، توانەوەی سەهۆڵی جەمسەرەکان، بەتایبەتی جەمسەری باکور، دەرفەتی نوێ و هەلومەرجێکی لەبار بۆ ژیان و نیشتەجێبون لەو ناوچانە، دۆزینەوە و دەرهێنانی مادەی پڕبایەخی کانزایی، سوتەمەنی فۆسیلی، سامانی ماسی و دەست پێڕاگەیشتن بە ڕێڕەوی ئاوی بازرگانی نوێ، بێتە ئاراوە. ئاشکرایە کە، وەها دەرفەتێک دەتوانێ زەمینەی دوژمنایەتی و دژایەتی دێرین و نوێ لەبارتر بکات لەنێوان زلهێزەکاندا کە، لە هەوڵی بەردەوامی قۆستنەوەی هەرچی زیاتری ئەو دەرفەتانەدان و بەم شێوەیە، ئاسایشی نێودەوڵەتی ڕوبەڕوی تەنگەژە و قەیرانی جدی دەبێتەوە (کاظمی و دیگران، ١٣٩٨؛ ٢٦، میرحیدر و دیگران، ١٣٩٣).

ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە سنوردارکردنی گۆڕانی کەشوهەوا و ڕاگرتنی بەرزبونەوەی پلەی گەرمای جیهانی لە 1.5 یا 2 پلەی سانتیگراد سەرکەوتو بێت، ئەو جۆرەی کە ڕێککەوتننامەی پاریس ئامانجیەتی، کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا زۆر کەمتر دەبن بەراورد بەو دۆخەی کە هەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شکستبهێنن و جیهان 3 یان 4 پلە گەرمتر ببێت. گۆڕانی کەشوهەوا دەبێتە هۆی لاوازبونی هەندێک وڵات و بەهێزبونی هەندێکیتر، لانی کەم بە شێوەیەکی ڕێژەیی. وڵاتانی هەناردەکاری سوتەمەنییە فۆسیلیەکان (خەڵوزی بەردین، نەوت و گازی سروشتی) وەکو عەرەبستانی سعودی (هەروەها عێراق)، لەگەڵ خێراتربون و فراوانتربونی پرۆسەی جیهانی بێ کاربۆن (decarbonizes) هێزی خۆیان لەدەستدەدەن (هەڵبەتە بەمەرجێک کە، نوێگەری لە سیستمی ئابوریاندا نەکەن). وڵاتانێک کە، لە پێگەیەکی هەستیار و لاوازدان لە بەرانبەر وشکەساڵی، گەردەلولە کەمەرەییەکان و لافاوە کەنارییەکان لەڕوی فیزیکی و ئابورییەوە

دوچاری زەرەر و زیان دەبن. بە پێچەوانەوە، ئەو وڵاتانەی کە، خاوەنی سەرچاوەی وزەی نوێبوەوەی فراوان یان مادەی خاوی پێویست بۆ بەرهەمهێنان، دابەشکردن و زەخیرەی وزەی نوێبوەوەن (وەکو لیتیۆم و کۆباڵت) بەهێز دەبن. کرانەوەی جەمسەری باکور یارمەتیدەری ڕوسیا دەبێت لە قەرەبوکردنەوەی ئەو زیانەی کە، بەهۆی کەمبونەوەی بەهای گازی سروشتییەوە دوچاری دەبێت (Bodansky and O'Connor; 2021).

## ئاسایشی ئاو


جیا لە دەرەنجامە ژینگەیی، تەندروستی و ئابورییەکانی کورتهێنانی داهاتی ئاویی، بە سەرنجدان لە گرنگی و بایەخی ئاو لە چارەنوسی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆییدا، بابەتگەلی وەک جیۆپۆلیتیکی ئاو یان هایدرۆپۆلیتیک (Geopolitics of water, Hydropolitics) هاتونەتە ئاراوە. جیۆپۆلیتیکی ئاو دەربارەی ڕۆڵی ئاو لە پەیوەندی، کێشە و ململانێی کۆمەڵگە مرۆییەکان، نەتەوە و دەوڵەتەکان، دەکۆڵێتەوە. بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەمەی کە، لە ناوخۆی وڵاتان یان لە نێوانیان و لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بێت. خاوەندارێتی و دەسەڵات بەسەر سەرچاوە ئاوییەکاندا، بابەتێکی جوگرافیای سیاسیە و چارەسەرەکەشی ئاڵۆزە. کەواتە شیکردنەوە و شرۆڤەی هەریەک لە پێکدادان و هاوکاری لە ئاوزێڵی ڕوبارە هاوبەشە نێودەوڵەتییەکاندا، بابەتی توێژینەوەکانی هەریەک لە هایدرۆپۆلیتیک و جوگرافیای سیاسیە (افشار و دهشیری، ١٣٩٨؛ ١٠٢، Geneva water hub; 2016).

عێراق لە ناوچەیەکی وشک و نیمچە وشکدا هەڵکەوتوە. بەشی زۆری ڕوبەری وڵاتەکە تێکڕای دابارینی ناگاتە ٢٠٠ ملمی ساڵانە و بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە هەمەجۆرەکانی دانیشتوان، پشت دەبەستێت بە ئاوی ڕوبارەکانی دیجلە، فورات و ئاوی ژێر زەوی. لە کاتێکدا، هەردو ڕوبارە سەرەکییەکە و لقە سەرەکییەکانیان، سەرچاوەکانیان لە دەرەوەی سنورەکانی عێراقەوەیە و ڕوباری نێودەوڵەتین. بەم پێیە، عێراق یەکێکە لە مەترسیدارترین و لاوازترین وڵاتەکانی جیهان لە بەرانبەر گۆڕانی کەشوهەوا. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دڵنیایی لەوە دەدات کە، ئەم دۆخە کارەسات و قوربانی زۆر لە بوارەکانی سەرچاوە ئاوییەکان، ئاسایشی خۆراک و زەمینەی سەرهەڵدانی تیرۆر و توندڕەوی و توندوتیژی بەدوادا دێت. ناوندی پلەکانی گەرما لە زیادبوندایە، بە خێرایی ٢-٧ جار زیاتر لە ناوەندی جیهانی. بەبیابان بون ٣٩٪ زەوییەکانی وڵاتی خستۆتە ژێر کاریگەرییەوە و ٥٤٪ زەویە کشتوکاڵییەکان بەهۆی شۆرەکاتەوە (سوێربون) وێران بون کە، بە هۆی کەمبونەوەی ئاوی ڕێکردوی ڕوبارەکانی دیجلە و فوراتەوە سەریهەڵداوە (Alaaldin; 2022). لانی کەم ٧٠-٩٨٪ داهاتی ئاوی عێراق لەو ڕوبار و زۆنگاوە هاوبەشانەوە کە، لە وڵاتانی دراوسێوە دەڕژێنە

خاکی عێراق، بە تایبەتی دیجلە و فورات، کە هەردوکیان لە تورکیاوە سەرچاوە دەگرن، دابین دەکرێت. هەردو ڕوباری دیجلە و فوارت، بەراورد بە دەیەی هەشتا، ٣٠٪ ئاوی ڕێکردویان لەدەستداوە. پێشبینی دەکرێت تا ساڵی ٢٠٣٠ بۆ ٥٠٪ کەم بێتەوە. وەرزی دابارینی ٢٠٢٠-٢٠٢١ دوەمین وەرزی وشکی چل ساڵی ڕابردو بو کە، بوە هۆی کەمبونەوەی ئاوی ڕوبارەکانی دیجلە و فورات بە بڕی ٢٩ و ٧٣٪.

هەریەک لە وڵاتانی تورکیا و ئێرانیش هاوشێوەی عێراق گیرۆدەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانی کەشوهەوان و دوچاری کورتهێنانی داهاتی ئاوی بونەتەوە. لەم ڕوەوە، کاریگەری هایدرۆپۆلیتیکی هەریەک لە وڵاتانی تورکیا و ئێران بەسەر دۆخی داهاتی ئاوی عێراقەوە بە ڕونی بەدیدەکرێت. بەپێی داتاکانی ( Water Risk Filter) عێراق لە ڕیزبەندی ١٨٢ لە نێوان ٢٥٠ وڵات و ناوچەدایە و هەریەک لە ئێران و تورکیاش لە پلەکانی ١٩١ و ١٩٣ دان. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئەم سێ وڵاتەدا نییە لە ڕوی مەترسی کورتهێنانی ئاوییەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم مەترسییە ئەگەری زیادبونی لەسەر عێراق زیاترە. چونکە، هەردو وڵات دەیانەوێت بە دروستکردنی بەست و بەنداو لەسەر ڕوبارەکانی دیجلە، فورات و لقەکانیان ڕوبەڕوی ئەم کورتهێنانە ببنەوە. تورکیا دەستیکردوە بە گلدانەوەی ئاو لە ڕێگەی پڕکردنی بەنداوەکانییەوە و لەم دواییانەدا بەنداوی مەترسیداری ئیلسو، گەورەترین پرۆژەی هایدرۆپاوەری وڵاتەکەی تەواوکردوە. ئەم بەنداوە بە تەنهایی داهاتی ئاوی عێراقی لە ٦٠٠م٣ لە چرکەیەکدا کەمکردەوە بۆ ٣٠٠-٣٢٠م٣ لە چرکەیەکدا؛ ئەمەش بە واتای دابەزین و پاشەکشەی داهاتی ئاوی عێراق بە ڕێژەی ٥٠٪ لەو ڕێڕەوە ئاوییە سەرەکییەوە دێت (https://rudawrc.net/sorani/article/karigeryi-haydropolytikyi-twrkya-leser-eraq). بە هەمان شێوە، بەنداوە دروستکراو و پلان بۆ داڕێژراوەکانی ئێران ئاستی ئاوی لقەکانی ڕوباری دیجلەیان کەمکردۆتەوە. ئاستی ئاوی ڕێکردوی هەریەک لە ڕوبارەکانی دیالە و زێی بچوک بۆ نمونە بە بڕی ٧٠٪ کەم بوەتەوە (Kapita, 2022; 21-23, Ibrahim; 2018). لەسەر بنەمای ئەوەی کە خراپەڕو، خستنەڕو و خواست لەسەر داهاتی ئاوی ئەگەر لە ساڵی ٢٠١٥دا بریتیبوبێت لە ٤٣ و ٦٦ ملیار مەتر سێجا، پێشبینی دەکرێت لە ساڵی ٢٠٢٥دا ئەم ژمارانە بگەنە ٦.١٧ و ٧٧ ملیار مەتر سێجا. زیاتر لەمە، پێشبینییەکانی داهاتو نیشانی دەدەن کە ڕوبارەکانی دیجلە و فورات بەهاتنی ساڵی ٢٠٤٠ بەتەواوی وشک دەبن (Al-Ansari at al; 2014, 2).


نەخشەی ژمارە (١) بەنداوەکانی سەر ڕوباری دیجلە و فورات لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراق




سەرچاوە: https://www.hrw.org/report/2019/07/22/basra-thirsty/iraqs-failure-manage-water-crisis

زیاتر لەوەی کە باسکرا، ئەو هۆکارانەی کە، وادەکەن قەیرانی ئاو زیاتر زەق بێتەوە و ئاسایشی ئاوی وڵاتەکە بکەوێتە مەترسییەوە بریتین لە، **یەک**: هاوکات لەگەڵ گلدانەوەی بەشە ئاوی عێراق لە ڕوبارە سنورییەکانەوە لە لایەن وڵاتانی دراوسێوە، بە کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوا، پلەکانی گەرما و دابارین کە دو ڕەگەزی سەرەکی کاریگەرن لەسەر داهاتی ئاو، لە ئێستادا کاریگەرییەکەیان بەرچاو و سەلمێنراوە لەسەر ژینگەی عێراق. بە جۆرێک، ناوەندی پلەکانی گەرما لە ئەندازەی ئاسایی خۆیان زیاتر بەرزبونەتەوە و بڕی دابارینیش لە ئەندازەی ئاسایی ساڵانەی، زیاتر دابەزیوە. ئەمەش بە واتای بەهەڵمبونی زیاتری ئاوی سەرزەوی و دابەزینی ئاستی ئاوی ژێر زەوی. شیکردنەوە و ڕاڤەی داتا کەشوهەواییە مێژوییە بەردەستەکان لە چوار شاری عێراق کە، ماوەی زەمەنی یەک سەدەی خستوەتە بەرچاو، بەڵگەگەلێکی خستەڕو کە، پشتڕاستی کردەوە کە گۆڕانێکی کەشوهەوای بەرچاو هەیە. ئەم گۆڕانی کەشوهەوایە بە شێوەی خەملاندنی بەرزبونەوەی پلەکانی گەرما و کەمبونەوەی بڕی دابارین دەردەکەوێت. ئەنجامی مۆدێلی تایبەت بە پلەکانی گەرما، خەملاندنێک دەخاتەڕو کە، لەوانەیە تا ساڵی ٢٠٥٠ بەراورد بە ساڵی ١٩٠٠، ناوەندی پلەی گەرمی (٢.٢) پلەی سانتیگراد بەرزبێتەوە. ئەمەش سازگارە لەگەڵ پێشبینی ڕاپۆرتی ( IPCC 2007). هەڵسەنگاندنی دۆخی دابارین بۆ هەمان ماوەی زەمەنی، نیشاندەری کەمبونەوەی دابارینە بە بڕی ٪٢٥ (Azooz and Talal, 2015; 73, Adamo et al; 2018, Abdellatif at al; 2017).

وێنەی ژمارە (١) دەریاچەی ساوە




سەرچاوە: (Kapita, 2022; 25).


**دوەم**: لەگەڵ کەمبونەوەی دابارین، بەرزبونەوەی پلەکانی گەرما و گلدانەوەی بەشە ئاوی عێراق لە لایەن وڵاتانی داوسێوە، هۆکارێکیتری یارمەتیدەر لە زیاتر بەرجەستەبونی قەیرانی ئاو، کێشەی زیادبونی خێرای دانیشتوانی عێراقە. بە پێی داتاکانی وەزارەتی پلاندانانی عێراق، تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣ ژمارەی دانیشتوانی عێراق دەگاتە سەرو ٤٣ ملیۆن نەفەر و ئەگەر ڕێژەی گەشەی دانیشتوان بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت کە (2,6٪)ە، بە گەیشتنی ساڵی ٢٠٥٠، ئەم ژمارەیە دەگاتە سەرو ٥٠ ملیۆن نەفەر (newarab; 2023). بەدەر لە کاریگەرییە مەترسیدارەکانی ئەم ژمارە گەورەیە بۆ دۆخی ئێستای عێراق، هەرچی زیاتر دانیشتوان گەشە بکەن، پێداویستییەکانیشیان بۆ بەکارهێنانی هەمەجۆرەی ئاو زیاتر دەبێت. لە کاتێکدا کە، داهاتی ئاوی وڵاتەکە لە پاشەکشەیەکی بەردەوامدایە.

**سێهەم**: سەرباری ئەوەی کە باسکرا، لاوازی لە ژێرخانی پێویست و سەردەمیانەی کۆگاکردن، پاڵاوتن و دابەشکردنی ئاو لە تەواوی عێراقدا، هۆکارێکی دیکەی یارمەتیدەرە لە زیاتر قوڵبونەوەی قەیرانی ئاو و کەوتنەبەر مەترسی ئاسایشی ئاو. بەڕێوەبردنی لاواز، گەندەڵی و بەهەدەردانی کات و سەرمایە وایکردو کە، بەشێکی بەرچاوی داهاتی ئاوی عێراق، بەبێ سودلێوەرگرتنێکی شایستە، بە فیرۆ بڕوات. هەمو ئەم هۆکارانە یارمەتیدەرن لە دروستبونی کێشە و ململانێی ناوخۆیی و دەرەکی پەیوەست بە ئاو. بەجۆرێک، پێشبینی دەکرێت بەهۆی کورتهێنان لە دابینکردنی ئاوی پێویست بۆ دانیشتوان، خۆپیشاندان، کۆچ، نارەزایەتی و لە ئەگەری توندبونەوەی دۆخەکەدا پێکدادانی چەکداریش ڕوبدات. هەروەها، بەهۆی لاوازی حکومەتی عێراق بەرانبەر بە وڵاتانی سەرچاوەی دیجلە و فورات و پێویستی ڕو لە زۆری ئەو وڵاتانەش بە

داهاتی ئاو، بەشە ئاوی عێراق لەو ڕووبارانە زیاتر و زیاتر کەم دەکرێتەوە، بە زیادبونی فشاری ناوخۆیی لەمەڕ دابینکردنی ئاوی پێویست، پێشبینی دروستبونی کێشەی سیاسی، ئەمنی و سەربازی لەنێوان عێراق و وڵاتانی سەرچاوەدا (Kavianirad et al; 2022). ئەگەرێکی کراوەیە. هەروەک چۆن لە نوێترین ڕوداودا، کێشە لەسەر بەشە ئاوی ڕوباری هیرمەند گەیشە پێکدادانی چەکداری سنوردار لە نێوان ئێران و ئەفغانستاندا.

هەرچەند، چەمکی جەنگی ئاو (water conflict) لە ڕوی مێژوییەوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی دەیەی هەشتای سەدەی ڕابردو کە لە لایەن (پترۆس غالی) وەزیری دەرەوەی میسرەوە بەکارهێنرا. بە بڕوای ئەو جەنگی داهاتوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جەنگە لەسەر ئاوی شیرین (غلامی، ١٣٩٨؛ ١١). ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەکاتێکدا کە ٥٪ دانیشتوانی جیهان لەخۆدەگرێت، پشکی لە کۆی ئاوی شیرینی بەردەست لە جیهاندا تەنها ١٪ە (Sutherland; 2003). ئەمەش بە واتای کورتهێنانێکی گەورە و زەمینیەیەکی لەبار بۆ سەرهەڵدانی گیروگرفتی ناوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەسەر دەستپێڕاگەیشتن بەم سەرچاوەی ژیانە.

شێوەی ژمارە (١) ڕیشەی سەرهەڵدانی قەیرانی ئاو




## کۆچی ژینگەیی

چەمکی "پەنابەرانی کەشوهەواییی" لە ساڵی ١٩٨٥ەوە لە ئەدەبیات و گفتوگۆی گشتیدا، بەکاردەهێنرێت. ئەوکاتەی کە، (عصام الحناوی) پسپۆڕی بەرنامەی ژینگەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان (UNEP) پەنابەرانی ژینگەیی (Environmental Refugees) بەم جۆرە ناساند: ئەو بەشە لە دانیشتوان کە، ناچار بە جێهێشتنی ژینگەی ڕەسەنی خۆیان بونەتەوە، بەشێوەی کاتی یان هەمیشەیی، بە هۆکاری تێکچونی ژینگەیی دیاریکراو (سروشتی یان مرۆڤکرد) کە، بوەتە هۆی مەترسی دروستکردن لەسەر بونیان، یان چۆنێتی ژیانیان بەشێوەیەکی جدی کەوتۆتە ژێر کاریگەرییەوە. ئەم پێناسەیە بۆ پەنابەرانی کەشوهەواییش ( Climate Refugees) بەکاردەهێنرێت (Apap and De Reval, 2021; 3).

بەپێی خەمڵاندنەکانی ڕێکخراوی کۆچی جیهانی (IOM)، تا ساڵی ٢٠٥٠، ژمارەی کۆچەر و پەنابەرانی جیهانی بە هۆکاری گۆڕانی کەشوهەوا دەگاتە ٢٠٠ ملیۆن نەفەر. لەبەرئەوەی کە، گۆڕانی کەشوهەوا دەبێتە هۆی ژێرئاوکەوتنی سەرزەمینی هەندێک وڵات و لەدەستدانی قەڵەمڕەوەکانیان و هەروەها کۆچی دانیشتوانیان. ئەمەش بۆخۆی دەبێتە هۆی دوبارە دابەشکردنەوەی دانیشتوانی جیهان کە بە واتای ململانێ و پێکدادنە لەسەر زەوی و سەرچاوەکان (الحديثي و البالاني، ٢٠٢١؛ ١٠٢-١٠٣).

وەک لە پێشەوە ئاماژەی پێکرا، عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە، لە دۆخێکی هەستیار و زۆر کاریگەرە بە گۆڕانی کەشوهەوا. هاوکات، بەشێک لە زەویە بە پیتەکانی وڵاتەکە، بەهۆی کەمبونەوەی دابارین، کەمبونەوەی ئاوی ڕوبارەکان و بەرزبونەوەی پلەکانی گەرما، دوچاری سوێری، کەم پیتی و بەبیابان بون بوەتەوە. بەشێک لە ناوچە کەنارییەکانیش، ئەو ناوچانەی کە دەڕوانن بەسەر کەنداوی فارسدا، پێشبینی دەکرێت لە ئایندەیەکی درێژ مەودادا بکەونە ژێر ئاوی دەریا.

نەخشەی ژمارە (٢) بەرزبونەوەی ئاستی ئاوی دەریا لە کەناراوەکانی کەنداوی فارس




سەرچاوە: Sea Level Rise Projection Map - The Persian Gulf | Earth.Org

بە گوێرەی داتاکانی ساڵی ٢٠١٩ی ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، ژمارەی ئەو عێراقیانەی کە بەهۆی کەمی ئاوی خواردنەوەوە ئاوارەبون گەیشتوەتە ٢١٣١٤ نەفەر. ژمارەیەک کە، پێشبینی دەکرێت لە داهاتودا زیاد بکات، لەبەرئەوەی عێراق تا ساڵی ٢٠٣٥ ڕوبەڕوی کورتهێنانی ١٠.٨ ملیارد مەتر سێجا ئاو دەبێتەوە. لەکاتێکدا، ٥٤٪ زەوییە کشتوکاڵییەکانی عێراق لەبەردەم مەترسی سوێربوندایە (Alaaldin, 2022).

بەهۆی لەناوچونی بەروبومە کشتوکاڵییەکان و لەدەستدانی بژێوییەوە، کۆچکردنی دانیشتوانی لادێ بۆ شارەکان، بە ئەندازەیەکی فراوان لە عێراقدا ڕویداوە. بۆ نمونە، لە شاری بەسرە، کۆچی ناوچە دێنشینییەکان بەزۆری بەهۆی کەمی دەرفەتی ئابوری، کەمی ئاو، وێرانی و لەناوچونی ژینگە و خراپی بژێوییەوە بوە. زۆربەی ئەم کۆچەرانە لە ناوچە هەژار و نائەمنەکانی شارەکاندا نیشتەجێبون کە لە ئێستادا زەمینەیەکی لەباری سەرهەڵدانی کێشەی کۆمەڵایەتی پەیوەست بە ئاسایشی ئابورین. نمونەکانی کۆچی لادێ-شار لە عێراقدا، نیشانی دەدات کە، زۆربەی کۆچەر و پەنابەران لە گەڕەکە هەژارنشین، نالەبار و نەگونجاوەکاندا نیشتەجێ دەبن. ئەم دۆخەش زەمینەیەکی لەباری بۆ چونە ناو گروپە چەکدارەکان و گەشەکردنی تۆڕی تاوانکاری هێناوەتە کایەوە (NUPI and SIPRI, 2022; 3). لە تەواوی پارێزگاکانی عێراق کۆچکردن و جێگۆڕکێی دانیشتوان بە کاریگەری نالەباری ژینگە، لە چەند دەیەی ڕابردودا ڕویداوە. پێشبینی زیاتر و توندتربونی ئەم دیاردەیە دەکرێت، بە ڕێژەی جیاواز لە نێوان باکور و باشوری وڵاتدا (IOM Iraq, 2022).

کەواتە گرنگترین هۆکارەکانی پاڵنەری کۆچی ژینگەیی و جێگۆڕکێی دانیشتوان لەسەر ئاستی عێراق خۆیان دەبینەوە لە: وشکەساڵی و کورتهێنانی ئاو، بەرزبونەوەی پلەکانی گەرما و شەپۆلی گەرمی، خۆڵبارین و گەردەلولی لمین، لێزمەباران و لافاو، سوێربون و پیسبونی ئاو و خاک، هەروەها مەترسی تەندروستی و نائەمنی خۆراکی.

خشتەی ژمارە (١) کۆچی ژینگەیی و جێگۆڕکێی دانیشتوان لەسەر ئاستی عێراق

| ناوچەی جوگرافیایی | ژمارەی نەفەر | تێبینی |
|---|---|---|
| باشوری عێراق | ٢٧٣٤٨ | داتای ٢٠١٩-٢٠٢١ |
| ناوەڕاستی عێراق | ١٣٥٧٨ | داتای ٢٠١٩-٢٠٢١ |
| ڕۆژئاوای عێراق | ------ | بەردەستنەبونی داتا |
| باکوری عێراق | ١٠٠٠٠٠ | داتای ٢٠٠٥-٢٠٠٩ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە: (IOM Iraq; 2022).

ئاشکرایە، کۆچکردن و جێگۆڕکێی دانیشتوان بە واتای جێهێشتنی ناوچەی ڕەسەنی ژیان و گوزەرانیانە و کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر هەردو شوێنی مەبەست و شوێنی لێوەدەرچون دەبێت. ئەو شوێنانەی کە، دانیشتوان کۆچی بۆ دەکەن ڕوبەڕوی کۆمەڵێک کێشە دەبێتەوە، هەروەک چۆن ئەو شوێن و ناوچانەشی کە، دانیشتوان کۆچیان لێوەکردوە بە هەمان شێوە. لە ڕوی جوگرافیای سیاسییەوە دابەشبونی دانیشتوانی نمونەیی بە جۆرێکە کە، بە ئەندازەیەکی بەرچاو بە تەواوی ڕوبەری وڵاتەکەدا بڵاوببنەوە و نیشتەجێبن. بەو واتایەی کەمترین ڕوبەری خاڵی لە دانیشتوان هەبێت. ئەم بابەتە لەڕوی دۆخی ئەمنی، سەربازی و ستراتیژییەوە بایەخی گەورەی هەیە. چونکە، ئەو ناوچانەی کە خاڵین لە دانیشتوان، بەزۆری، وەک خاڵی لاوازی وڵات و هەروەها وەک بۆشاییەکی ئەمنی سەیر دەکرێن. کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانەی کە خاڵین لە دانیشتوان لەلایەن دەوڵەتەوە، پێویستی بە کات و تێچویەکی زیاترە، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کە پێشینەی ناسەقامگیری و جەنگیان هەیە. لە لایەکی دیکەوە، ئەو ناوچە و شارانەی کە دانیشتوان ڕویان تێکردوە، دوچاری کێشەگەلی وەک: کەمی خزمەتگوزاری، کێشەی نیشتەجێبون، بێکاری، هەژاری، پیسبونی ژینگە، تەندروستی و ئەمنی دەبنەوە. کەواتە، چڕبونەوەی دانیشتوان لە ڕوبەرێکی کەم و بچوکدا، دیسانەوە گرفتی زۆر بە دوای خۆیدا دەهێنێت.

لە درێژ ماوەدا، جێگۆڕکێی دانیشتوان و کۆچی ژینگەیی لە چوارچێوەی سنورە سیاسییەکاندا نامێنێتەوە. ئەو ناوچە و وڵاتانەی کە، ژینگەکەیان بە ڕێژەیەکی بەرز دەکەوێتە ژێر کاریگەرییە فرەڕەهەندەکانی گۆڕانی کەشوهەوا، کۆچی دانیشتوان تەنها لە ناوخۆی وڵاتدا نامێنێتەوە، بەڵکو، سنوری سیاسی وڵاتەکانیش دەبڕێت.

بەمەبەستی گەیشتن بەو ناوچانەی کە، ژینگەکەیان لەبارترە. ئەم گرفتەش دیسانەوە، قەیرانی کۆچی نێودەوڵەتی زەقتر دەکاتەوە (Pismennaya at al; 2015).

## نائارامی و تیرۆر

گۆڕانی کەشوهەوا پەیوەندی هەیە بە زیادبونی ناجێگیریەوە لە جیهاندا. کاتێک کە، نرخی خۆراک لە ساڵەکانی ٢٠٠٧–٢٠٠٨ زیادیکرد، شۆڕشی خۆراک (Food riot) دو بەرانبەر زیادیکرد و بوە هۆی کەوتنەوەی قوربانی لە وڵاتانی ئەرجەنتین، هایتی، کامرون و هندستان. هەروەها، لە جەنگە ناوخۆییەکانی هەریەک لە سۆماڵ و سوریاشدا، پەیوەندی هەبو لە نێوان وشکە ساڵی و قات و قڕی بە کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوا لەگەڵ پێکدادان و نائارامییەکاندا. گۆڕانی کەشوهەوا دەتوانێ لەڕێگەی بەهێزکردنی هۆکارەکانی وەک هەژاری و شۆکی ئابورییەوە ببێتە هۆی زیادبونی نائارامی، پێکدادان و جەنگی ناوخۆیی و نێوان دەستە و عەشیرەتەکان (غلامی، ١٣٩٨؛ ١٥، Sida, 2018).

هەندێک لە توێژینەوەکان پێیان وایە کە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان پێکدادانەکان لەگەڵ ئاوزێڵی ڕوباری هاوبەش، گۆڕانی دابارین و پلەکانی گەرمادا هەیە. هەندێک لە توێژەرانی دیکە لەسەر ئەم بابەتە هاوڕان کە، هۆکارە ژینگەییەکان بە تەنهایی، لەوانەیە نەبنە هۆی سەرهەڵدانی جەنگ و نائارامییەکان. بەڵکو، نیازمەندی بونی زەمینەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوری یارمەتیدەرن. هەروەها، هەندێک لە توێژەرانی دیکە بەڵگە دەهێننەوە لەسەر ئەوەی کە، پێکدادانەکانی پەیوەست بە گۆڕانی کەشوهەوا، بە ئەگەری زۆرەوە، لە ئاستی ناوخۆیی و لاوەکیدا دەبن، تا ئەوەی کە لە نێوان وڵاتاندا بن (Bronkhorst, 2011; 11).


لەسەر بنەمای ئەوەی کە باسکرا، کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و هۆکارە ژینگەییەکان دەکرێ وەکو یارمەتیدەرێکی بەهێز و چالاک دابنرێن بۆ سەرهەڵدان و دروستبونی گرفتی ئەمنی، پێکدادان و جەنگی ناوخۆیی لەسەر ئاو، زەوی بە پیت و لەوەڕگا. ئەمە بە تایبەت، لەو ناوچە و وڵاتانەی کە، تایبەتمەندی سەرەکییان لاوازی دەسەڵاتی حکومەت، بەهێزی میلیشیا و گروپی چەکداری دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت و بەهێزی دەسەڵاتی عەشیرەتەکانە. لەم جۆرە ناوچانەدا، زەمینەی سەرهەڵدانی ململانێکان زۆر بەهێزە.

کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر دۆخی ئەمنی و ئاسایشی نەتەوەیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی بە ئەندازەیەکە کە، هەریەک لە (UN, EU, G7) و هەندێک لە وڵاتانی تریش، گۆڕانی کەشوهەوایان وەک هەڕەشەیەک لەسەر ئاسایشی نیشتمانی و جیهانی ناساندوە ( American security project 2012, European Commission 2008, UN security council 2011).

لەگەڵ ئەمەشدا، پەیوەندی گۆڕانی کەشوهەوا لەگەڵ لاوازبون، پێکدادان و شکستی هەندێک وڵات، سادە و ساکار نیە. وا دەردەکەوێت کە، کاریگەرییە ڕولەزۆربوەکانی گۆڕانی کەشوهەوا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ئۆتۆماتیکی نەبنە هۆی تێکچون و نالەباری دۆخی ئەمنی و ئاسایشی ناوچە زیانبارەکان. بەڵکو، گۆڕانی کەشوهەوا بە ناونیشانی زیادکەری هەڕەشە و مەترسی ئەناسرێت. لەگەڵ مەترسی و فشارەکانی دیکەدا، لە یەک چوارچێوەی دیاریکراودا، یەکدەگرێت و ئەگەری سەرهەڵدانی پێکدادانی توندوتیژانە زیاتر دەکات. وڵاتانێک کە، دوچاری لاوازبون و پێکدادان دەبن، بە تایبەتی دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە. بەڵام، ئەو وڵاتانەشی کە، بە ڕواڵەت، خاوەنی ئەمنیەتێکی ڕێژەیین، ئەگەرێکی کراوەیە کە بکەونە ژێرکاریگەری فشارەکانی پێکهاتو لە گۆڕانی کەشوهەوا، گەشەکردنی دانیشتوان، بەشاری بون، وێرانی ژینگە و زیادبونی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابوری (Nett and Ruttinger, 2016; 8).

گرنگترین ئەو بوارانەی کە، دەبنە سەرچاوەی دروستبونی نائارامی، پێکدادان و قۆستنەوەی لەلایەن گروپە تیرۆریستیەکانەوە بریتین لە: کێبەڕکێ لەسەر سەرچاوە خۆجێییەکان، نائەمنی بژێوی و کۆچکردن، ڕوداو و کارەساتی توندی ئاوهەوایی، هەڵبەز و دابەزی نرخ و کەمی خستنەڕوی خۆراک، کۆنترۆڵی سەرچاوە ئاوییەکانی دەرەوەی سنور، بەرزبونەوەی ئاستی ئاوی دەریا و تێکچونی ژینگەی ناوچە کەنارییەکان، کاریگەرییە نەخوازراوەکانی سیاسەتە ئاووهەواییەکان، پێکدادانی گروپ و عەشیرەتەکان، گۆڕان لە سەرچاوە و ژێرخانە هاوبەشەکاندا، کێشە و تەنگەژە لەنێوان دانیشتوان و دەسەڵاتدارانی ناوچەیی و بونە ئەندامی گروپە تیرۆریستییە توندڕەوەکان. لە دیارترین نمونەکانی پەیوەندی نێوان گۆڕانی کەشوهەوا و سەرهەڵدانی نائارامی و جەنگ –بە یارمەتی کۆمەڵێک هۆکاری دیکە– بریتین لە: بۆکۆ حەرام لە دەوروبەری دەریاچەی چاد، دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لە سوریا، پێکدادنی توندوتیژانە و بژێوی نایاسایی (قاچاخچێتی مادە هۆشبەرەکان) لە ئەفغانستان و توندوتیژی شاری و تاوانکاری ڕێکخراو لە گواتیمالا (IOM Iraq; 2022, Nett and Ruttinger, 2016 ). وەک لە نەخشەی ژمارە (٣)دا دەردەکەوێت، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی، عێراق و وڵاتانی دراوسێی یەکێکن لەو ناوچانەی کە زەمینەیەکی لەباریان هەیە بۆ سەرهەڵدانی پێکدادانی هەمەچەشن و پەیوەندیدار بە هۆکارە ژینگەییەکان.

نەخشەی ژمارە (٣) پەیوەندی نێوان وشکەساڵی و پێکدادان لەسەر ئاستی جیهان




سەرچاوە: (Edward Lenshie at al, 2022; 8)

سەرەڕای ئەوەی کە، تەواوی ڕووبەری عێراق کەوتوەتە ناو پشتێنەی کاریگەربون بە گۆڕانی کەشوهەوا، بەڵام ئەم کاریگەرییە جیاوازە بەپێی جیاوازی ناوچەکان. بەشەکانی باکوری وڵاتەکە کاریگەرییەکە لە شێوەی دوبارەبونەوەی وشکەساڵی، کەمبونەوەی بڕی دابارین و بەرزبونەوەی پلەکانی گەرمادا زیاتر دەردەکەوێت. بەهەمان شێوە، بەشەکانی ناوەڕاست و باشوری وڵاتەکە هەمان کاریگەری بەشێوەیەکی توندتر تیایاندا دەردەکەوێت. زیاد لەمانە، زیادبونی شەپۆلەکانی گەرما، دوبارەبونەوەی شەپۆلەکانی خۆڵبارین و سوێربونی زەوییە کشتوکاڵییەکان لەم ناوچانەدا بەربڵاوە. لەوپەڕی باشوری عێراق، مەترسی ژێرئاوکەوتنی ناوچە کەنارییەکان لە ئایندەدا، ئەگەرێکی کراوە و چاوەڕوانکراوە. هەمو ئەم هۆکارانە وایانکردوە کە زەمینەیەکی لەبار بۆ دروستبونی نائارامی و گیروگرفتی ئەمنی برەخسێت ( PMD/DPPA; 2023). تایبەت بە عێراق، مێژوی چەند دەیەی ڕابردوی وڵاتەکە بەرداوام لە دۆخێکی نائارامی و جەنگی یان نیمچە جەنگیدا بوە، هاوکات لەگەڵ لاوازی و خراپی دۆخی حکومڕانی و بەڕێوەبردنی لە ئێستادا، یارمەتیدەرێکی بەهێزن بۆ توندبونەوەی قەیرانە ژینگەییەکان و سەرکێشانیان بۆ سەرهەڵدانەوەی نائارامییەکان. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستیەی کە گروپە تیرۆریستییەکانی دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و بە تایبەتی دوای سەرهەڵدانی داعش، هێشتاش بە یەکجاری لەناونەچون و شانە نوستوەکانیان چاوەڕێی دەرفەتی گونجاو دەکەن بۆ زیندوبونەوە و پەلهاویشتن. لەسەر ئەم بنەمایە، نائارامی بەردەوام و درێژخایەن بە دڵنیاییەوە لە سودی هاوسەنگی هێز لە نێوان عێراق و وڵاتانی دراوسێیدا نییە. بە بەردەوامبونی نائارامی و ئەگەری سەرهەڵدانی چالاکی تیرۆریستی، لە ڕوی جوگرافیای سیاسییەوە عێراق بە تەواوی تواناى پاراستنی سەروەری و دەسەڵاتی بەسەر کۆی ڕوبەرەکەیدا لەدەست دەدات و دەبێتەوە بە مەیدانی یەکلاکردنەوەی کێشە و ململانێی ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان.

## ئەنجام

١- هەر ناوچە و هەرێمێکی ئاوهەوایی لە جیهاندا پێکهاتوە لە کۆمەڵێک ڕەگەز کە، بە درێژایی چەندین دەیە جێگیرییەکی ڕێژەییان هەبوە. بە هەرجۆرە گۆڕانێک لە یەکێک، یان زیاتر لە یەک ڕەگەزی پێکهێنەری ئەو هەرێمە ئاوهەواییانە، بە واتای گۆڕانی کەشوهەوا و تێکچونی هاوسەنگی ژینگەیی ئەو ناوچە و هەرێمە دادەنرێت. جیهان لە ئێستادا بە دۆخێکی دژواری گۆڕانی کەشوهەوادا تێدەپەڕێت کە، هۆکارە سەرەکییەکەی چالاکی مرۆڤە لە دوای شۆڕشی پیشەسازییەوە. کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا بە ئەندازەیەک فراوان، زیانبار و هەمەلایەنەن کە، وەکو هەڕەشە و مەترسییەکی جدی جیهانی پێناسە دەکرێن. بە تێگەیشتن لەم دۆخە، هەندێک لە وڵاتان گۆڕانی کەشوهەوا و کاریگەرییەکانی، لە ڕیزبەندی پێشەوەی هەڕەشە و مەترسییەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی لەقەڵەمدەدەن.

٢- جیا لە کاریگەرییە فراوانەکانی دیکەی گۆڕانی کەشوهەوا، ڕەهەندی جیۆپۆلیتیکی ئەم دیاردەیە جێگەی باس و تێڕوانینی ئەم توێژینەوەیەیە. بەتێکچونی هاوسەنگی ژینگەیی ناوچە و هەرێمە ئاووهەواییەکان، ململانێ لەسەر سەرچاوەکان دەستپێدەکات. ئەوناوچانەی کە، ڕوبەڕوی کەمبونەوەی دابارین، بەرزبونەوەی پلەکانی گەرما و کورتهێنانی داهاتی ئاوی دەبنەوە، لەبەردەم هەڕەشەکانی، بەبیابان بون، ململانێی توند لەسەر ئاو و زەوی بەپیت، سەرهەڵدانی پێکدادانی چەکداری و چالاکی تیرۆریستی دەبنەوە و سەرئەنجام کۆچی ناچاری دانیشتوانی ئەو ناوچانە چاوەڕوانکراوە. لەلایەکی ترەوە، بەهۆی بەرزبونەوەی ناوەندی پلەی گەرمی جیهانی و توانەوەی بەشێک لە سەهۆڵی جەمسەرەکان، دیاردەی بەرزبونەوەی ئاستی ئاوی دەریا و زەریاکان، ژێرئاوکەوتنی ناوچە کەنارییەکان و هەندێک لە وڵاتانی دورگەیی، ئەگەرێکی چاوەڕوان کراوە. بەشێک لە وڵاتان، بە کاریگەری ئەم دیاردەیە تەواوی ڕوبەرەکەیان لەدەست دەدەن و هەندێک لە وڵاتانی تریش بەشێک لە ڕوبەرە کەناریەکانیان لەدەست دەدەن. ئەم دۆخە، کێشەیەکی گەورەی یاسایی، سیاسی بەشوێن خۆیدا دەهێنێت و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەخاتە تەنگەژە و قەیرانەوە.

٣- عێراق لە ڕیزبەندی پێشەوەی وڵاتانی جیهاندایە بۆ کەوتنەژێر کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا. بەجۆرێک، لە ئێستادا لە پلەی پێنجەمی جیهانیدایە بە پێی پۆلێنبەندی ناوەندە تایبەتمەندەکانی ئەم بوارە. لەسەر ئەم بنەمایە، کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر دۆخی عێراق بەراورد بە زۆرێک لە وڵاتان و ناوچەی دیکە فراوانتر، قوڵتر و سەختتر دەبن. ئەوەش کە، وایکردوە ئەم کاریگەرییانە بەم شێوەیە فرەڕەهەند و توندبن، جیا لە دۆخە سروشتییەکە، هەلومەرجی سیاسی، ئابوری و ئەمنی وڵاتەکەیە کە، دەیان ساڵە گیرۆدەی سەدان کێشەی چارەسەر نەکراوی کەڵەکەبوە لەم بوارانەدا. سەرەڕای ئەمە، حکومەتی عێراق بە حکومەتێکی کارا و لێهاتو لە چارەسەرکردنی خێرای قەیرانەکان دانانرێت.

٤- کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر دۆخی عێراق خۆیان لە بەرزبونەوەی پلەکانی گەرما زیاتر لە ناوەندی پێشبینیکراوی جیهانی، کەمبونەوەی دابارین بەهەمان شێوە، گلدانەوەی بەشێکی بەرچاوی بەشە ئاوی عێراق لە هەردو ڕوباری دیجلە و فورات لە لایەن وڵاتانی ئێران و تورکیا و سەرهەڵدانی قەیرانی

ئاو، دوبارەبونەوەی دیاردەی وشکەساڵی درێژخایەن و بەدوای ئەمەشدا، کەمپیتی و بەبیابانبونی بەشێکی زۆری زەوییە کشتوکاڵییەکان. ئەمانە هۆکاری یارمەتیدەرن لە جێگۆڕکێ و کۆچی دانیشتوان لە ناوچە کارەساتبارەکانەوە ڕووەو ئەو ناوچانەی کە دۆخیان کەمێک باشترە، دەرفەتی ژیان و کار تیایاندا دەست دەکەوێت. شارەکان بە زۆری ئامانجی ئەم جۆرە کۆچەن کە بە کۆچی ژینگەیی ناسراوە. کۆچی ژینگەیی لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک کاریگەری هەم لەسەر ئەو ناوچەیەی کە، لێوەی کراوە و هەم ئەو ناوچەیەی کە، بۆی ئەنجام دەدرێت، بەجێدەهێڵێت. ململانێ لەسەر بەدەستهێنانی بەشە ئاوی زیاتر، مەترسی سەرهەڵدانی تەنگەژەی ناوخۆیی و دەرەکی دەهێنێتە ئاراوە. بەهۆی زۆربونی فشارەکان لەسەر حکومەتی عێراق بۆ دەبینکردنی ئاوی پێویست، ئەگەری دروستبونی گرفتی جیۆپۆلیتیکی لەنێوان ئێران، تورکیا و عێراق ئەگەرێکی کراوەیە.

٥- زیاتر لەمانە، دروستبونی ناکۆکی و کێبەرکێی دەستە و گروپەکانی دانیشتوان لەسەر ئاو و زەوی بەپیت، مەترسی سەهەڵدانی نائارامی و جەنگی ناوخۆیی بە دوای خۆیدا دەهێنێت. بەهەمان شێوە، بەهۆی کۆچی بەردەوامی دانیشتوانی ناوچە کارەساتبارەکان بۆ ناوەندە شارییەکان و کورتهێنانی خزمەتگوزارییەکان، مەترسی سەرهەڵدانی نائارامی و تێکچونی دۆخی ئاسایشی ئەو ناوچانە، پێشبینیکراوە. دواجار، قۆستنەوەی ئەم هەلومەرجە لەلایەن گروپە چەکدار، میلیشیا و تیرۆریستییەکانەوە بۆ ئەنجامدانی کردە و چالاکی تایبەتی خۆیان، هەڕەشەیەکی جدییە.

## ڕاسپاردەکان

١- ئەنجامدانی توێژینەوەی تیۆری و مەیدانی هەمەلایەنە دەربارەی قەیرانی کەشوهەوا و کاریگەرییەکانی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان.

٢- زیاتر خستنەبەرباس و گفتوگۆی بابەتی گۆڕانی کەشوهەوا لە ناوەندە زانستی، ڕۆشنبیری و فەرهەنگییەکاندا بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری گشتی.

٣- بەڕێوەبردنی سەردەمیانە و ڕێکخستنی سەرچاوە ئاوییەکان پێویستییەکی لەپێشینەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە وەک هەنگاوێکی سەرەتایی و بنەڕەتی ڕووبەڕووبونەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی قەیرانی گۆڕانی کەشوهەوا.

٤- بەرزکردنەوەی ئاستی هەماهەنگی و خستنەکاری دیپلۆماسی ئاوی بە مەبەستی بەدەستهێنانی بەشە ئاوی عێراق لە وڵاتانی سەرچاوە.

# Climate change crisis in Iraq
# A study in political geography

**Peshawa Anwar Nasralla**

Department of Geography, College of humanities sciences, University of Halabja, Halabja, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**

Climate change is progressively becoming a serious and discussed issue. Besides this, there are clear evidence, observed, and confirmatory reasons for the multi-dimensional climate change impacts worldwide. Just as the countries and regions have not played an equal role in environmental pollution, heat retention, and climate change. Similarly, the effects of these phenomena are significantly different in the countries; thus, many of the main vulnerable places and others are its beneficiaries. Apart from other fields, the areas that are heavily damaged will also be affected in terms of political geography and geopolitics. Generally, the Middle East, typically Iraq, is one of the countries that will be heavily affected by climate change. This research investigates the climate change geopolitical dimensions of Iraq using the descriptive-analytical method. The findings illustrate that present and future climate change are the provenance of many complications, including environmental, economic, and political and security, both at national and international level.

**Keywords**: Climate Change, Political Geography Of Climate Change, Water Crisis, Climate Refugees, Unrest & Terrorism

## لیستی سەرچاوەکان

- افشار، ماهرخ. دکتر محمدرضا دهشیری. بحران آب در خاورمیانه، (زمستان ۱۳۹۸)، فصلنامه ڕاهبرد سیاسی، سال سوم، شماره ۱۱.
- البالانی، د. ابراهیم قاسم. د. عباس غالی الحدیثی. (۲۰۲۱)، جیوبولیتیک البیئه؛ مدخل نقدی، الطبعه الاولی، البصره، العراق.
- زرقانی، سیدهادی. (١٤٠١)، ژئوپلیتیک مواد مخدر، دانشگاه علوم انتظامی امین، چاپ یکم، تهران.
- علیجانی، بهلول. ندا مجیدی‌راد. محمدسعید نجفی. احمد خدائی. سعید ڕحیمی‌هرآبادای. (زمستان ١٣٩٤)، تحلیل اثرات گرمایش جهانی بر سیستم های ژئوپلیتیک نظام بین الملل، مجله آمایش جغرافیایی فضا، فصلنامه علمی-پژوهشی دانشگاه گلستان، سال پنجم، شماره هجدهم.
- علیخانی، دکتر حمید. (بهار و تابستان ۱۳۹۹)، صلح و امنیت بین الملل و تغییرات اقلیمی، فصلنامه بین المللی تحقیقات حقوق قضایی، دور اول، شماره اول.
- غلامی، بهادر. (پاییز ۱۳۹۸)، تغییرات اقلیمی؛ ظهور و تشدید بحرانهای فراگیر امنیتی بین المللی، فصلنامه ڕوابط خارجی، سال یازدهم، شماره چهل و سوم.

- كاظمى، مسعود اخوان. طيبه سادات حسينى. فرشته بهرامى‌پور. (تابستان ١٣٩٨)، مطالعه واكاوى تاثير تغييرات آب و هوايى بر امنيت بين المللى، فصلنامه مطالعات ڕوابط بين الملل، سال دوازدهم، شماره ٤٦.
- ميرحيدر، دره. زهرا پيشگاهى فرد. بهادر غلامى. قاسم عزيزى. اميرحسين ڕنجبريان. (پاييز ١٣٩٩)، تغييرات اقليمى و چالشهاى ژئوپليتيكى قطب شمال، فصلنامه ژئوپليتيک، سال دهم، شماره سوم.
- Abbas, Nahlah. Saleh A. Wasimi. Nadhir AL-Ansari and Sultan Nasrin Baby, (November 2018), Recent Trends and Long-Range Forecasts of Water Resources of Northeast Iraq and Climate Change Adabtation Measures, journal of MDPI (Molecular Diversity Preservation International), 10, 1562; doi: 10.3390/w10111562.
- Adamo, Nasrat. Nadhir Al-Ansari. Varoujan K. Sissakian. Sven Knutsson. (April 2018), Climate Change: Consequences on Iraq's Environment, Journal of Earth Sciences and Geotechnical Engineering, vol. 8, no. 3.
- American Security Project (2012), The Impact of Climate Change.
- Apap, Joanna. Capucine du Perron de Revel. (October 2021), the concept of climate refugees; towards a possible definition, European parliamentary research service.
- Al-Ansari, N., Ali, A.A. and Knutsson, S. (2014) Present Conditions and Future Challenges of Water Resources Problems in Iraq. Journal of Water Resource and Protection, 6, 1066-1098. http://dx.doi.org/10.4236/jwarp.2014.612102
- Azooz, A. A. and S. K. Talal, (2015), Evidence of Climate Change in Iraq, Journal of Environmental protection and Sustainable Development, Vol 1, No. 2.
- Bodansky, Dan. Sandra Day O Connor. (Fall 2021), Climate Change and the future of Geopolitics, Perry world house, university of Pennsylvania, Philadelphia.
- Bronnkhorst, Salome. (2011), Climate Change and Conflict: Lessons for Conflict Resolution from the Southern Sahel of Sudan, Fishwicks, South Africa.
- Cammack, Perry. Michele Dunne. Amr Hamzawy. Marc Lynch, Marwan Muasher. Yezid Sayigh. Maha Yahya. (2017), Arab Fractures; Citizens, States, and Social Contracts, Carnegie Endowment for International Peace, Washington.
- Edward Lenshie, Nsemba. Vincent Nduka Ojeh. Emeka Daniel Oruonye and Christian Ezeibe, (march 2022), Geopolitics of Climate Change-induced Conflict and population displacement in West Africa, local Environment; the International Journal of Justics and Sustainability, DOI: 10.1080/13549839.2022.2040461.
- European commission to the European Council, (march 2008), Climate Change and International Security, S113/08.
- European Union institute for security, (2015), yearbook of European security, director: Antonio Missiroli, France.
- Hassan, H. waqed. Basim K. Nile. (November 2020), Climate Change and predicting future temperature in Iraq using CanESM2 and HadCM3 modeling, modeling earth system and environment, 7.

- IOM Iraq. International organization for migration. (2022), Migration, Environment, and climate change in Iraq, Baghdad/ Iraq.
- Kaddo, R. Jameel. (2016), Climate Change: Causes, Effects, and Solutions, A with Honors Projects, Parkland College institutional repository.
- KAPITA. (July 2022), Climate Change Overview: Impacts, mitigation, and adaptation in Iraq, The report was led and written by Moamin Al-Kakaei (Research analyst) with major contributions in writing by Ayesha Aljuboory (Research analyst). Data visualization and supervision by Essam Al-Sibahee (Research associate), report design by Ammar Jalel (Graphic designer) and managerial supervision by Mohammed Jamal (Managing director, research).
- Kavianirad, Morad. Hasan Sadrania. Sedigheh Nasri Fakhredavood. Hussein Hamid. (winter 2022), Water Diplomacy Role in Easing Iran-Iraq Hydropolitical Tension, Geopolitics Quarterly, volume 18, no 4.
- Nett, Katharina. Lukas Ruttinger. (October 2016), Insurgency, Terrorism and Organized Crime in a Warming Climate; Analyzing the Links Between Climate change and Non-State Armed Groups, supported by German Federal Foreign Office and Adelphi, Berlin.
- NUPI (Norwegian Institute of International Affairs). SIPRI (Stockhokm International Peace Research Institute), (April 2022), Climate, peace and Security Fact
- Osman, Y, Abdellatif. M, Al-Ansari. N, Knutsson, S and Jawad, S. (2017), Climate Change and Future Precipitation in an Arid Environment of the Middle East: Case Study Iraq. Journal of Environmental Hydrology, 25 (3).
- Pismennaya, E. Elena. Irina S. Karabulatova. Sergey V. Ryazantsev. Artem S. luk yanets and Roman V. Manshin. (May 2015), Impact of Climate Change on Migration From Vietnam to Russia as a Factor of Transformation of Geopolitical Relations, Mediterranean Journal of Social Sciences, Vol 6, No 3 s2. Rome-Italy.
- PMD (Program migration & Diaspora). DPPA (Department of political and peacebuilding Affairs), united nation. (April 2023), the interlinkage between climate, peace and security in Iraq.
- Sida (the Swedish International Development Cooperation Agency), (2018), the Relationship between Climate Change and Violent conflict.
- Zhou, Jiayi. Lisa Maria Dellmuth. Kevin M. Adams. Tina-Simone Neset and Nina Von Uexkull. (November 2020), the Geopolitics of Food Security: Barriers to the Sustainable Development Goal of Zero Hunger, SIPRI Insights on Peace and Security.
- Isaczai, and Gulam, Climate change is the biggest threat Iraq has ever faced, but there is hope to turn things around, 13 November, 2022 on the https://iraq.un.org/en/207205-climate-change-biggest-threat-iraq-has-ever-faced-there-hope-turn-things-around .
- Global temperatures have broken Records Three times in a week (July 2023), on the https://www.economist.com/graphic-detail/2023/07/07/global-temperatures-have-broken-records-three-times-in-a-week .

- The Intergovernmental Panel on Climate Change (IPCC) is the United Nations body for assessing the science related to climate change, on the https://www.ipcc.ch/about/ .
- Lindsey, Rebeca and Dahlman, Luann, Climate change: global Temperature, January 18, 2023, on the https://www.climate.gov/news-features/understanding-climate/climate-change-global-temperature .
- Alaaldin, Ranj, iraqs climate crises; a geopolitical conflagration in the making policy note, June 2022, on the Iraq's Climate Crisis: A Geopolitical Conflagration in the Making - Middle East Council on Global Affairs (mecouncil.org).
- ئازاد وەلەدبێگی، کاریگەری هایدرۆپۆلیتیکی تورکیا لەسەر عێراق، ٢٠٢٠/٨/٧ بەردەستە لەسەر https://rudawrc.net/sorani/article/karigeryi-haydropolytikyi-twrkya-leser-eraq
- Ibrahim, Arwa, Declining levels in Iraq's Tigris raise fear of water crisis, 9 June, 2018, on the Declining levels in Iraq's Tigris raise fear of water crisis | Drought News | Al Jazeera.
- Iraq population set to exceed 43 million by end of 2023, 20 may, 2023, on the https://www.newarab.com/news/iraq-population-set-exceed-43-million-end-2023
- Sutherland, Ben, water shortages foster terrorism, 18 march, 2003, on the http://news.bbc.co.uk/2/hi/science/nature/2859937.stm
- Mulhern, Owen, Sea Level Rise Projection Map – The Persian Gulf, 17 Sep, 2020, on the Sea Level Rise Projection Map - The Persian Gulf | Earth.Org
- Basra is thirsty; Iraq's failure to manage water Crises, July 22, 2019, on the https://www.hrw.org/report/2019/07/22/basra-thirsty/iraqs-failure-manage-water-crisis.
- Bibliography - Water Conflict and Cooperation, Geneva water h1ub, university of Geneva, January 2016, on the Bibliography - Water Conflict and Cooperation | Geneva Water Hub.
- UN Security Council, in Statement, Says 'Contextual Information' on Possible Security Implications of Climate Change Important When Climate Impacts Drive Conflict, (July 2011), on the https://press.un.org/en/2011/sc10332.doc.htm .